ROJI GEL گەڕۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (189) یەکشەممە 2007/7/29

ئایک سکیلتۆن: باشترین خزمەت کشانەوەی سەربازەکانمانە

(**ئایک سکیلتۆن**) ئەندامی پارتی دیموکراتی ئەمریکا و سەرۆکی لیژنەی تایبەت بە هێزە چەکدارەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکادا لە لێدوانێکیدا ڕایگەیاندووە کە باشترین شت کە بۆ سەربازەکانمان بکەین ئەوەیە کە سەرجەم سەربازە ئەمریکیەکان بە خۆیان و کەلوپەلی سەربازییەکانیانەوە لە عێراق بکشێنەوە.

لە لێدوانەکەیدا سکیلتۆن گوتوویەتی " جگە لە کشانەوەمان لە عێراق هیچ ڕێگەیەکی دیکەمان نییە " لە کۆتایی قسەکانیدا ناوبراو داوای کردووە سەرجەم سەربازە ئەمریکیەکان بە خۆیان و کەلوپەلە سەربازیەکانیانەوە بە پلانێکی داڕێژراو بکشێنەوە. ئەمە یەکەمین ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا نیە کە داوای کشانەوەی سەربازەکانیان دەکەن، بەڵکو هەڵمەتی گوشار کردن بۆ کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ڕۆژ دوای ڕۆژ بە هێزتر دەبێ، بەڵام جۆرج دەبلیو بووش گوێ لەو داوایانە ناگرێ و درێژە بە سیاسەتی خۆی دەدات.

٣ کوردستانیان بە بردنەوەی هەڵبژاردەی عێراق دڵشاد دەبن

٤ وڵاتیانی شاری سلێمانی نیگەرانی نەبوونی تاکسی نەفەری ناو شارن

٥ نهێنیەکانی مانەوەی نوری مالکی

٦ ژنان زۆرتر لە ژیان دا دەمێننەوە

٧ بیرەوەریەکانی زرار سلێمان دەرگەڵەیی

بۆ ڕازیکردنی دڵی موستەشارەکان بەبێ ناوندی چاک کۆنگرەی ئەنفال پێکدەهێنرێ

سەرچاوەیەکی نزیک لە ڕێکخەرانی کۆنگرەی ئەنفال کە بڕیاروایە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال پێکیبهێنێ بە ئاژانسی **دەنگی سەربەخۆی** ڕاگەیاندووە کە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال بڕیاری داوە ناوەندی هەڵەبجە بۆ دژایەتیکردنی ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کوردستان (چاک) کە ڕێکخراوێکی کاراو چالاکەو تەواوی کارەکانی خۆی بۆ ناساندنی کێشەی ئەنفالکراوەکان تەرخان کردووە، لەو بوارەشدا چالاکی جۆراوجۆری لە وڵاتانی ئەوروپا ئەنجام داوە بانگهێشت نەکات! هۆکاری بانگهێشت نەکردنەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناوەندی چاک شێلگیرانە هەوڵ دەدات تا تەواوی ئەو کوردانەی کە لە شالاوی ئەنفالکردندا هاودەستی سوپای بەعسیان کردووە ڕادەستی دادگە بکرێن و سزا بدرێن، بەڵام دەستەڵاتدارانی کوردستان ناخوازن ئەو جاشانەی کە بەشداریان لە ئەنفالکردنی کوردستانیان دا کردووە دادگەیی بکرێن، ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەگەر موستەشارەکان دادگەیی بکرێن لە ڕووی یاساییەوە ئەنفال لە جینۆساید دوور دەکەوێتەوە!

لەلایەکی دیکەوە زانراوە کە یەکێک لە ڕێکخەرانی کۆنگرەکە بەعسیێکی دێرینەو بە ڕێکخەرانی ڕاگەیاندووە کە ئەوان بانگهێشتی ڕێکخراوە بیانیەکان دەکەن، بەڵام میواندارێتی ناوەندی چاک ناکەن چونکە داوای دادگەییکردنی جاشەکان دەکەن، ئەمەش لە بەرژەوەندی ڕەوشی هەرێمی کوردستان دانیە.

جێگەی ئاماژەیە کە چەند هەفتە لەمەوبەر سەرۆکی دەستەی پارێزەرانی دۆسیەی ئەنفال ئاشکرای کردبوو کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان داوای لێکردووین کە هەوڵ بدرێ لە دادگە دا باسی موستەشارەکان نەکرێ.

عەلاوی سەردانی بارزانی دەکات

ئەربیل عەلاوی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق و سەرۆکی لیستی ئەلعێراقیە ڕایگەیاندووە کە لە ڕۆژانی داهاتوو سەردانی هەولێر دەکات و لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە.

ئەیاد عەلاوی کە ماوەیەک لەمەوبەر لەگەڵ هەندێ هێزی دیکەی عێراقی هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەکی نوێی دەداو دەستەڵاتدارانی کوردستانیش ڕەخنەیان لێدەگرت و دژایەتی خۆیان بۆ ئەو بەرەیە پێشاندەدا ئێستا بەنیازە سەردانی ڕێزدار مەسعود بارزانی بکات، لەو بارەیەوە گوتویەتی کە پێوەندیەکی مێژوویی پتەوو باشم لەگەڵ بارزانی و گەلی کورد دا هەیە.

سەبارەت بەو بەرەیەی کە ئێستا لە ئارادایەو چەند لایەنی عێراقی دەیانەوێ پێکیبهێنن عەلاوی گوتوویەتی هەرچەندە کە ئەمریکەکان سەبارەت بە پێکهێنانی بەرەیەکی میانڕۆ ئاگاداریان کردومەتەوە و داوایان لێکردووم کە بەشداری تێدا بکەین، بەڵام چونکە ئێران نایەوێ ئێمە بەشداری تێدا بکەین تا ئێستا لایەنەکانی دیکە بانگهێشتی ئێمەیان نەکردووە، ئەگەر بانگهێشتیش کراین ئەو کاتە ڕای خۆمان دیار دەکەین.

ئەیاد عەلاوی دووپاتی کردۆتەوە کە ئەوان بەشداری لەهیچ بەرەو تەوەرێک دا ناکەن ئەگەر بۆنی تایفەگەری لێ بێ.

هاتنی عەلاوی بۆ هەولێر و کۆبوونەوەی لەگەڵ بارزانی پرسیارگەلێک دەوروژێنێ، ئەگەر ئەندازیاری کۆنگرەی قاهیرە دژی دەستەکەوتەکانی گەلی کوردستان و گێڕانەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان بۆ دەبێ پێشوازی لێبکرێ و ڕێزی لێبگیرێ؟!

دەیانەوێ ئەحمەد تورک و ئۆسمان بایدەمیر بکوژن

ڕەگەزپەرستانی تورک دەیانەوێ ئۆسمان بایدەمیر سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر و ئەحمەد تورک سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک DTP بکوژن.

پۆلیسی تورکیا بەهۆی گوێگرتنیان لە تەلەفۆنەکانی بەرپرسانی کۆمەڵەی تەڤگەری هێزە وڵاتپارێزەرەکان کە کۆمەڵەیەکی ڕەگەزپەرستی تورکیایە بۆی دەرکەوتووە کە ئەوان بەرنامەی کوشتنی بەرپرسە کوردەکانیان هەبووە.

ئەحمەد جانلی سەرۆکی کۆمەڵەی تەڤگەری هێزە وڵاتپارێزەکان بە تەلەفۆن پلانی کوشتنی بەرپرسە کوردەکانی بە هاودەستەکانی خۆی ڕاگەیاندووە.

هێزەکانی ئاسایشی تورکیا لە بەدواداچوونی خۆیان دا بۆیان ئاشکرابووە JITEM کە دامەزراوەیەکی سیخوڕی سەر بە سوپای تورکیایە ژمارەیەک بەرپرسی کوردیان لە باکوری کوردستان دا کوشتووە.

پۆلیسی تورکیا سەر ڕاستی کردۆتەوە کاتێک ئەحمەد جانلی سەرۆکی کۆمەڵەی تورکە ڕەگەزپەرستەکاندا بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ کەسێک بەناوی (س) کردووە، بۆ کوشتنی ئەحمەد تورک و ئۆسمان بایدەمیر باسی یەک ملیۆن و نیو دۆلاریان کردووە، (س) لە قسەکانی خۆی دا بە ئەحمەد جانلی گوتووە" ئێستا ئێمە لە کۆبوونەوە دان، تا هاتنەوەی تۆ چاوەڕوان دەکەین و ڕادەوەستین، بۆ مەسەلەی یەک ملیۆن و نیو دۆلارەکە ، هەروەها چاوەڕوان دەکەین تا پاشا لە ئەمریکا دەگەڕێتەوە!"

(جانلی)یش وەڵامی داوەتەوەو بەڵێنی پێداوە لەسەر ئەو مەسەلەیە قسە بکەن، بەڵام (س) جەختی کردۆتەوە کە ئەگەر پێویست بێ دەبێ یەک ملیۆن و نیو دۆلار بدرێ.

ئەم دانپیانانەی پۆلیس پەردە لە ڕووی تیرۆری دەوڵەتی تورکیا دژ بە سەرکردە کوردەکان هەڵدەماڵێ،ڕاستیەکەی چەند ساڵێکە کوردەکان بانگەشەی ئەوەی دەکەن کە دامەزراوەکانی سەر بە سوپای تورکیاو لایەنە تووندڕۆکان کردەوەی تیرۆریستی بەڕێوەدەبەن، کەچی دەوڵەتی تورکیا گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان پێ تۆمەتبار دەکرد و خۆی لە ڕاستیەکان دەدزیەوە.

فەرەنسا لە تورکیا دەخوازێ کێشەی کورد چارەسەربکات

پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی تورکیا لە ماڵپەڕی فەرمی خۆیدا ڕاگەیندراوێکی بڵاوکردۆتەوە، تێیدا داوای لە حکومەتی تورکیا کردووە کە هەنگاوی کردەیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە وڵاتەکەی هەڵبگرێتەوە.

ڕاگەیاندراوەکە هەڵبژاردنی تورکیای بە پرۆسەیەکی دیموکراسیانە وەسف کردووە و نووسیویەتی" ئەنجامی هەڵبژاردن کە لە تورکیا بەڕێوەچوو، پێشان دەدات کە خەڵکی تورکیا پێشوازی لە دیموکراسی دەکەن"

ماڵپەڕەکە نووسیوویەتی: " دەمێکە یەکێتی ئەوروپا داوای چاکسازی لە حکومەتی تورکیا دەکات، ئەمەش یەکەمین جارە لەلایەن خەڵکەوە پشتیوانی لێدەکرێ. بەوهۆیەوە داوا لە هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئەوروپا دەکەین کە بەوردی چاودێری بکەن"

پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا لە ڕاگەیاندراوەکەیدا پیرۆزبایی لە هەڵبژاردنی کاندیدە سەربەخۆکانی کورد دەکات و دەنووسێ: " پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا پیرۆزبایی لە پەرلەمانتارە کوردە سەرکەوتووەکان ئەوانەی گەیشتوونەتە پارلەمان دەکات و لە حکومەتی تورکیاش دەخوازی کە لەهەمبەر کێشەی کورد دا ئینسیاتیڤ بگرێ و هەنگاوی شێلگیرانە هەڵبگرێتەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا بە دۆستی نزیکی گەلی کوردستان ناسراوە، لەزۆر بواردا پشتیوانی لە کێشەی نەتەوەی کورد دا کردووە، بەڵام شکستەکانی لە هەڵبژاردنەکاندا وای لێکردووە کە جارێکی دیکە چاو بە سیاسەتی خۆی دا بخشێنێتەوە، بەوهۆیەوە چاودێران پێیانوایە کە ئێستا زۆر لێبڕاوانە داکۆکیکردنی لە کێشەی کوردانی خستۆتە ڕۆژەڤی خۆیەوە. بەتایبەتیش کە ئێستا سارکۆزی سەرکۆمار هەوڵ دەدات وڵاتەکەی ڕۆڵی کاریگەر لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤێن ببینێ.

پۆلیسی ئەڵمانیا ناوەندی چاندی میزۆپۆتامیا دادەخات

هەواڵەکان: کاتژمێر ٥ی ڕۆژی ٢٦-٧-٢٠٠٧ پۆلیسی ئەڵمانیا چوونە سەر ماڵی بەرپرسانی ناوەندی چاندی میزۆپۆتامیا و سێ کەسیان لێدەستگیرکردن.

بەگوێرەی زانیاریەکان پۆلیسی ئەڵمانیا لە شاری گیسن هەریەکە لە عەلی ئەکتاش سەرۆکی (ن.چ.م) وئەکرەم ئەشیۆک ئەندامی ناوەندو کەسێکی دیکەی دەستگیر کردووە.

لەلایەکی دیکەشەوە پۆلیس بارەگای (ن.چ.م)یان پشکنیوە، کۆمپیوتەرو بەڵگەنامەکانیان بردووە، بەوهۆیەوە (ن.چ.م) پەلاماری پۆلیسی ئەڵمانیای پرۆتستۆ کردووەو بەوە تۆمەتباری کردوون کە نارەواپانە پەلاماریان داون و دەرگەی ماڵانیان شکاندووە، بەڵام تا ئێستا هیچ لایەک هۆکاری دەستگیرکردنی سەرۆک و ئەندامانی ناوەندەکەی ڕانەگەیاندووە، بەڵام پۆلیسی ئەڵمانیا ڕەوەندی کورد لە وڵاتەکەی بە هاوکاریکردن لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان تۆمەتبار دەکات ، وڵاتانی ئەوروپاش بۆ ڕازیکردنی دڵی تورکیا **پەکەکە**یان لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستەکان داناوە.

پشیلەیەک پێشبینی مەرگی نەخۆش دەکات

هەواڵەکان: پشیلەیەک بەناوی ئۆسکار لە خانەی بەساڵاچووانی هەرێمی ڕۆد ئایلاندی ئەمریکا ژیان بەسەر دەبات، یەک کاتژمێر بەر لە مردنی نەخۆشەکان پێشبینی مەرگیان دەکات. بەگوتەی دکتۆر ژان تنۆ پشیلەکە ئاسایی نیە، زوو تێکەڵاوی مرۆڤ نابێ، کەمێ گۆشەگیرە، بەڵام کاتێ پێشبینی مەرگی نەخۆشێک دەکات وەکو پزیشک و پەرستار ڕەفتاردەکات، لەدەورەی دەسوڕێتەوە و ئۆقرە ناگرێ، بەوهۆیەوە ٢٥ جار هۆشداری داوەو هەڵەشی نەکردووە، ئەمە حاڵەتێکی ئاوارتەیە! ئێستا ئۆسکار وەکو زەنگی پێش مردن سوودی لێوەر دەگیرێ

ڕۆژەڤ

ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کە دوو ڕۆژ لەمەوبەر لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی سەرۆک تاڵەبانی و سەرۆک بارزانی دا ئاشکرا کرا هەنگاوێکی ئەرێنییە، جێگەی دەستخۆشی لێکردنە، بەوبۆنەیەوە پیرۆزباییان لێدەکەین و دەخوازین کە لاپەڕەیەکی نوێ لەپێوەندی نێوان هەردوو لایەن و سەرجەم هێزە سیاسیەکانی کوردستاندا بکاتەوە.

بێگومان هەردوو لایەن بۆ مانەوەو بەرەوپێشەوەچوونی خۆیان و دەستەڵاتەکەیان پێویستیان بە ڕێککەوتنێکی ستراتیژی هەیە، گەلی کوردستانیش بۆ ئەوەی هەناسەیەک هەڵبکێشێ و هاوچەرخانە درێژە بە کاروانی ژیان بدات سوود لەو ڕێککەوتنە وەردەگرێ، چونکە هەمیشە جەماوەر خوازیاری کۆتاکردنی ململانێی چەندین ساڵەو شەڕی ساردی هەنووکەیی نێوانیان بووە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر ڕێککەوتنی ستراتیژی بکارێ ململانێی حزبایەتی لە نێو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم دا بنبڕ بکات خزمەتێکی گەورە بە مێژووی گەلی کوردستان دەکات، ئەگەر لە واری کرداریشدا بەرژەوەندی باڵای گەل و نیشتمان بکرێتە ئامانجی سەرەکی و بەرەو خزمەتکردنی ڕاستین و بەهێزکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاو هەڵبگیرێتەوە، بواری دەستتێوەردانی دەرەمی ناهێڵێتەوە.

کۆتایی هێنان بە ململانێی حزبایەتی دەرفەتێکی باش بۆ گەلی کوردستان دەڕەخسێنێ تا ئازادانەتر خواستە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی خۆی ڕاستەڕێ بکات و هەنگاوی کردەییان بۆ هەڵبگرێتەوە، هەروەها ڕێگە لە نەخشەو پیلانەکانی ناحەزو دوژمنان دەگرێ و ناکامیان دەکاتەوە.

ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان دوو لایەنی گەورەو دەستەڵاتدار لە هەر وڵاتێک دا بێ ئاسۆیەکی باشتر لەبەردەم گەل و نیشتمان دا دەکاتەوە، ئێمەو گەلی کوردستانیش ئاواتەخوازین کە ئەم ڕێککەوتنە ستراتیژیە بە دەردی ڕێککەوتنەکانی ١٤ ساڵ لەمەوبەر نەچێ، بۆ هەر کێشەو گرفتێکیش زمانی دانوستاندن و دایالۆگ سەر پشک بکرێ و جارێکی دیکە پەنا بۆ شەڕ و هێزنواندن نەبردرێ، چونکە هەمیشە گەل باجی شەڕەکانی نێوەخۆ و ململانێی نارەوای نێوان حزبەکانی داوە، ئەگەر شەڕی نێوەخۆی نێوان هەردوولا نەبوایە ئێستا کوردستان لە ڕەوش و قۆناغێکی پێشکەوتوو، گەشەکردوودا دەبوو. ئەگەر ئەم ڕێککەوتنە بکارێ شوێنەواری شەڕی نێوەخۆو ململانێی نارەوای حزبایەتی بسڕێتەوە، ئەگەر ڕێککەوتن بوارەکانی ئازادی و دیموکراسی بەرفراوان بکات و ڕێگە لەبەردەم چالاکی هێزە سیاسیەکان دا نەخات سوودو قازانجێکی گەورە بە گەلی کوردستان دەگەیەنێ.لەو بەستێنەدا پێویستە بە گەشبینییەوە لە ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان هەردوو لایەنی دەستەڵاتدار بڕوانین و هیوای تەمەندرێژی بۆ بخوازین.